# ئاماری خولی یانه پله نایابه‌کانی کوردستان له تـ

**یارییه‌کانی خولی یانه پله نایابه‌کانی کوردستان بۆ تۆپی پێ بۆ وه‌رزی ٢٠٠٩-٢٠١٠ له رۆژی پێنجشه‌ممه رێکه‌وتی ٨-١٠-٢٠٠٩ به به‌شداربوونی ١٤ یانه ده‌ستی پێکرد که هه‌ردوو یانه‌ی شێروانه و خاك توانیان بۆ خولی نایابه‌کانی کوردستان سه‌ربکه‌ون و له رۆژی ٣١-١٢-٢٠٠٩ یارییه‌کانی قۆناغی یه‌که‌م کۆتایی پێ هات، له قۆناغی یه‌که‌م یانه‌ی که‌رکووك له پێشه‌نگی ئه‌م خوله مایه‌وه، ئه‌مه‌ش ئامارێك بۆ قۆناغی یه‌که‌می خولی نایابی کوردستان بۆ تۆپی پێ دوای کۆتایی هاتنی یارییه‌کانی قۆناغی یه‌که‌م.**

### ١٩٩ گۆڵ

له ١٣ هه‌فته‌ی رابردوو ٩١ یاری ئه‌نجامدرا یاریزانه‌کان توانیان ١٩٩ گۆڵ تۆمار بکه‌ن به رێژه‌ی ٢,١ گۆڵ بۆ هه‌ر یارییه‌ك، له هه‌فته‌ی نۆیه‌م زۆرترین ژماره‌ی گۆڵ تۆمارکراوه که ٢٤ گۆڵ بوو. له به‌رامبه‌ردا هه‌فته‌ی شه‌شه‌م هه‌ژارترین هه‌فته بوو که ته‌نیا ٨ گۆڵ تۆمار کرا. له لایه‌کی دیکه‌وه زۆرترین ژماره‌کان به ئه‌نجامی گۆڵێکی بێ به‌رامبه‌ر به کۆتاهاتووه که ئه‌م ئه‌نجامه له ١٩ یارییدا دووباره بۆته‌وه.

### پێشبڕکێی گۆڵکاران

یاریزانی یانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی سلێمانی سامیح رۆسته‌م به تۆمارکردنی ١١ گۆڵ له پێشه‌نگی گۆڵکارانی ئه‌م قۆناغه بوو له لایه‌کی دیکه‌وه یاریزانی یانه‌ی ئارارات دلۆڤان شینۆ به تۆمارکردنی ٦ گۆڵ له پله‌ی دووه‌مدایه و پێنج یاریزان به تۆمارکردنی ٥ گۆڵ بۆ هه‌ر یه‌کێکیان له رێزبه‌ندی سێیه‌می گۆڵکارانی ئه‌م قۆناغه‌ن.

### زۆرترین گۆڵ تۆمارکردن له یارییه‌کدا

له یاری نێوان هه‌ردوو یانه‌ی دهۆك و خاك له هه‌فته‌ی هه‌شته‌م زۆرترین ژماره‌ی گۆڵ تۆمارکردن له یارییه‌کدا تۆمارکرا که ٧ گۆڵ بوو، ئه‌نجامی یارییه‌که‌ش ٤-٣ گۆڵ له به‌رژه‌وه‌ندی یانه‌ی دهۆك میواندار به کۆتا هات.

### هیچ یاریزانێك خاوه‌ن هاتریك نه‌بوو

له یارییه‌کانی ئه‌م قۆناغه هیچ یاریزانێك نه‌یتوانیوه ٣ گۆڵ (هاتریك) له یارییه‌کدا تۆمار بکات، به‌ڵام ١٥ یاریزان توانیتیان هه‌ریه‌که‌یان دوو گۆڵ له یارییه‌کدا تۆمار بکه‌ن.

### خاوه‌ن یه‌که‌م و خێراترین گۆڵی ئه‌م قۆناغه

یاریزانی یانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی سلێمانی هاوکار حوسێن توانی یه‌که‌م گۆڵی ئه‌م وه‌رزه تۆمار بکات له دوای ئه‌وه‌ی له خوله‌کی ٦ی سه‌ره‌تا یارییه‌که گۆڵێکی له یانه‌ی که‌رکووك تۆمارکرد. له لایه‌کی دیکه‌وه یاریزانی یانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی سلێمانی محه‌مه‌د عه‌بدوڵڵا خاوه‌ن خێراترین گۆڵی ئه‌م قۆناغه‌یه له دوای ئه‌وه‌ی له خوله‌کی ٣ی یارییه‌که‌ی به‌رامبه‌ر یانه‌ی سیروانی نوێ گۆڵی تۆمار کرد.

### گۆڵه به‌هاداره‌کان

ئه‌و گۆڵانه‌ی له ساتی زیادکراودا تۆمار کراون و به‌هۆیه‌وه ئه‌نجامی یارییه‌کان گۆڕدراوه به گۆڵی به‌هادار هه‌ژمار ده‌کرێت ئه‌مه‌ش ناوی ئه‌و یاریزانه گۆڵکارانه‌یه که له ساتی زیادکراوی گێمی دووه‌م گۆڵی هه‌ستیاریان تۆمار کردووه پارسه‌نگی ئه‌نجامه‌کانیان یان به‌رامبه‌ر کردووه یان به لای خۆیاندا شکاندۆته‌وه.

- ئامانج فه‌خره‌دین له یانه‌ی بروسك له خوله‌کی ٩٠+٤ گۆڵی به‌رامبه‌ر بوونی له یانه‌ی ئارارات تۆمار کرد.
- مۆفه‌ق یونس له یانه‌ی ئارارات له خوله‌کی ٩٠+٣ گۆڵی بردنه‌وه‌ی له یانه‌ی هه‌ندرێن تۆمار کرد.
- عومه‌ر خالید له یانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی هه‌ولێر له خوله‌کی ٩٠+٢ گۆڵی به‌رامبه‌ری له یانه‌ی هه‌ندرێن تۆمار کرد.
- موسته‌فا کامیل له یانه‌ی که‌رکووك له خوله‌کی ٩٠+١ گۆڵی بردنه‌وه‌ی له یانه‌ی نه‌ورۆز تۆمارکرد.
- چۆمان عومه‌ر له یانه‌ی سه‌وره له خوله‌کی ٩٠+٣ گۆڵی بردنه‌وه‌ی له یانه‌ی شێروانه تۆمار کرد.
- زیا عه‌بدولحه‌کیم له یانه‌ی سیروانی نوێ له خوله‌کی ٩٠+٣ گۆڵی به‌رامبه‌ر بوونی له یانه‌ی سه‌وره تۆمار کرد.
- سامیح رۆسته‌م له یانه‌ی پێشمه‌رگه‌ی سلێمانی له خوله‌کی ٩٠+٢ گۆڵی بردنه‌وه‌ی له یانه‌ی سیروانی نوێ تۆمار کرد.

### گۆڵی تۆمارکراو له یانه‌ی خۆی

له‌م قۆناغه ته‌نیا گۆڵێك به هه‌ڵه



ئا: رێبین ره‌مزی
وریا محه‌مه‌د

# ـــۆپی پێ دوای کۆتایی هاتنی قۆناغی یەکەم

لە لایەن یاریزانی یانەی نەورۆز ئیدریس سائیر بەهەڵـــە لە خۆیانی تۆمارکردووە لە بەرژوەندی شێروانە.

**یاری خاوێن**

یاری خاوێن یەکێکە لە بنەما ســـەرەکیەکانی ســـەرکەوتنی یاری لە یارییەکانی ئەم قۆناغە یانەی هەندرێن لە یـــاری خاوێن لە لووتکەی ریزبەندی یانەکانـــدا بوو، لە ١٣ یاری رابردوو هیچ کارتێکی ســـووری هاودڵی یاریزانەکانی نەبوو، یاریزانەکانـــی تەنیا ١٨ کارتی زەردیان وەرگرتووە، یانەی ئارارتیش بە وەرگرتنی ٢٠ کارتی کارتی زەرد لە پلەی دووەمدایە هەروەها هەردوو یانەی سەورە و پێشمەرگەی سلێمانیش خۆیان لە وەرگرتنی کارتی ســـوور پاراستووە، بەڵام ســـەرجەم یانەکانی دیکە لە کارتی سوور وەرگرتن بێ بەش نەبوون.

**ئەو یانانەی لە ریزبەندی یەکەمدا خۆیان دۆزیوەتەوە**

بێگومان ئاواتی وەرگرتنی لووتکە و خۆدۆزینەوە لە پلەی یەکەمی ڕێزبەندی ئاواتی ســـەرجەم یانەیە، لە یارییەکانی قۆناغی یەکەمدا یانەی کەرکووك بۆ زۆرترین سات لەم شوێنەدا گیرساوە ئەویش بۆ ٧ هەفتە دواتر هەریەکە لە یانەکانی بروســـك و پێشمەرگەی ســـلێمانی ٢ هەفتە و هەردوو یانەی سیروانی نوێ و هەندرێنیش بۆ تەنیا هەفتەیەك لەم شوێنە خۆیان دۆزیتەوە.

**تایبەتمەندی بۆ یانەی سیروانی نوێ**

یانەی ســـیروانی نوێ تاکە یانەیە لەم قۆناغە یاریزانانی لە هەموو یارییەکاندا بەلای کەمەوە گۆڵێکیان لە یانەی بەرامبەر کردووە.

**زۆرترین ماوە لە گۆڵ تۆمار نەکردن**

یانـــەی شـــێروانە بۆ زۆرترین کاتـــی یەك لە دوای یـــەك یاریزانانی لە گـــۆڵ تۆمارکردن دوای ئەوەی ٣ هەفتـــەی یەك لە دوای یەك بۆ ماوەی ٣٩١ خولەك ئەم حاڵەتەیان بەردەوام بووە، دواتر یانەی هەندرێن بە ٣٦٥ خولەك لە پلەی دووەمدایە.

**ئامارێکی گشتی**

زۆرترین بردنـــەوە : یانەی کەرکـــووك خاوەن زۆرترین بردنەوەیە لەم قۆناغە دوای ئەوەی ٩ سەرکەوتنی بە دەستهێنا.

کەمترین بردنەوە: یانەی سەورە خاوەن کەمترین بردنـــەوە لەم قۆناغە دوای ئـــەوەی تەنیا یەك بردنەوەی بە دەستهێناوە.

زۆرترین دۆڕاندن: یانەی سەورە تووشی زۆرترین شکســـت هاتووە لەم قۆناغە دوای ئەوەی لە ٩ یاری تووشی شکست هاتووە.

کەمترین دۆڕاندن: یانەی پێرس تا ئێســـتا لە قۆناغـــی یەکەمی خولی نایابی کوردســـتان تووشـــی یـــەك دۆڕان هاتووە بەمـــەش خاوەن کەمترین دۆڕاندنە لە خولی نایابی کوردستان.

زۆرترین بردنەوەی لەسەر یەك: یانەی کەرکووك خاوەن زۆرترین سەرکەوتنی لەسەر یەکە دوای ئەوەی توانی ٦ یاری لەســـەر یەکدی بباتەوە لە هەفتەی شەشـــەم تا هەفتەی ١٢یەم توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت.

زۆرترین دۆراندن لەســـەر یەك: هەردوو یانەی شـــێروانە و ســـەورە خاوەن زۆرترین دۆڕاندنی لەســـەر یەك دوای ئەوەی لە ٣ هەفتە تووشی شکستی یەك لە دوای یەك هاتن.

باشـــترین هێڵی هێرشـــبەر: هەردوو یانەی پێشمەرگەی ســـلێمانی و کەرکووك خـــاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشـــبەرە دوای ئەوەی توانیان ٢٠ گۆڵ لەم قۆناغە تۆمار بکەن.

لاوازتریـــن هێڵی هێرشـــبەر: یانەی شـــێروانە لاوازترین هێڵی هێرشـــبەر تەنیا ٧ گۆڵیان لەم قۆناغە تۆمار کردووە.

بەهێزتریـــن هێڵی بەرگری: یانەی پێرس خاوەن بەهێزترین هێڵی هێرشـــبەرە لە قۆناغی یەکەم تەنیا ٧ گۆڵی لێ تۆمار کراوە.

لاوازترین هێڵی بەرگری: یانەی ســـەورە خاوەن لاوازترین هێڵـــی بەرگریـــە دوای ئەوەی ٢٦ گۆڵی لێ تۆمارکراوە لەم قۆناغە.

**ریزبەندی قۆناغی یەکەمی خولی نایابی کوردستان**

١- کەرکووك ٢٩ خاڵ
٢- پێرس ٢٤ خاڵ
٣- بروسك ٢٢ خاڵ
٤- پ. سلیمانی ٢١ خاڵ
٥- هەولێر ٢١ خاڵ
٦- ئارارات ٢٠ خاڵ
٧- هەندرێن ٢٠ خاڵ
٨- دهۆك ١٩ خاڵ
٩- سیروانی نوێ ١٧ خاڵ
١٠- پ. هەولێر ١٣ خاڵ
١١- نەورۆز ١٢ خاڵ
١٢- خاك ٩ خاڵ
١٣- شێروانە ٧ خاڵ
١٤- سەورە ٦ خاڵ



## میسی:

# شانازییەکی گەورەیە بۆم یەکەمین ئەرژەنتینیم ئەم خەڵاتە وەردەگرم




ئەرژەنتینی لیونێل میسی ئێستا بە قۆناغی زێرینی ژیانی وەرزشی تێدەپەڕێ و لە یانەی بەرشلۆنە گشت نازناوەکانی ناوەوە و دەرەکی بە دەستهێناوە و توانی هاوکاری وڵاتەکەشی بکات و لە دواساتەکان بگاتە مۆندیالی باشووری ئەفریقیا میسی ئاواتی گەورەی هێشتا ماوە ئەویش نازناوی مۆندیالی ٢٠١٠ی باشووری ئەفریقیایە، لە دیمانەیەکدا میسی بەم جۆرە و وەڵامی چەند پرسیارێکی سایتی فیفای دایەوە.

*** دوای ئەنجامدانی تیروپشکی کۆتاییەکانی مۆندیال بۆتان روون بۆوە کێ ڕەکابەرتانە بۆ بە دەستهێنانی ئەم نازناوە؟**

- دەبێ ئێمە بەهێمنی پێشوازی لەو کارە بکەین و هەنگاو بە هەنگاو بۆی بڕۆین و دەبێ هەر یارییەك حیسابێکی تایبەتی بۆ بکەین، گەر بمانەوێ بگەینە دوورترین خاڵ دەبێ لە گشت یارییەکانی قۆناغی یەکەم سەرکەوتن بە دەست بهێنین، دواتر بیر لە نازناوەکە بکەینەوە.

*** گەیشتنی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بەماندووبونێکی زۆر و لە دوا هەناسەکاندا بوو، ئەم کات و ساتە لە نێو تیپەکەتان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- ئێستا قۆناغێکی نوێمان دەست پێکردووە دوای ئەوەی بە سەلامەتی قۆناغی پاڵاوتنمان بڕی و ئەم ڕووداوەمان بە هێمنی وەرگرت و ئێستا بە قۆناغی گۆڕانکاری داهەنگاو دەنێین لە شێوازی یاریکردن و تەکتیك و تەکنیك، باوەڕ دەکەم کە لە دوا ڕۆژ گەورەترین گۆڕانگاری بەسەر تیپەکەمان بێت.

*** پێش ماوەیەك ڕووبەڕووی هەڵبژاردەی ئیسپانیا بوونەوە کە لە پێشەنگی هەڵبژاردەکانی جیهان دێت و لەو یارییە چ وانەیەکتان وەرگرت؟**



- بەڕاستی یارییەکی یەکجار خۆش بوو، لە گێمی یەکەم

له ئێمه باشــتر بوون، بەڵام له گێمی دووەم توانیمان ریزەکانمان رێکبەخین و باش یاری بکەیـن و هەلی ئاسـانمان بۆ رەخسـا بۆ گۆڕینـی ئەنجامی یارییەکە، هەڵبژاردەی ئیسـپانیا بەهەمان شێوازی بەرشلۆنه یاری دەکات و له گشت هێڵەکان یاریزانی به توانا و ئاسـت بەرزی هەیه و یارییەکی جوان و دڵخۆشکەر به جەماوەر نیشان دەدەن.

*** وای بـۆ ناچیت کـه هەڵبـژاردەی ئیسپانیا کاندیدێکی بەهێز بێت له باشووری ئەفریقیا؟**

- بەرای من ئێستا ئیسپانیا خاوەن باشترین هەڵبژاردەیه له جیهان و ئەنجامی زۆر باشی به دەستهێناوە و یاریزانەکانیشی متمانەیەکی تەواوییان بەخۆیه که ئەمەش دەبێته هاندەرێك بۆ به دەستهێنانی ئەنجامی باش.

*** یانەی بەرشـلۆنه له ئاسـته بەرزەکانی بەردەوامه و نازنـاوەکان یەك له دوای یەك دەباتەوە، به رای تۆ ئەم پێکهاتەیه باشترین پێکهاتەیـه لـەو ماوەی تۆ درێـژی ئەم یانەیەت لەبەرکردووە؟**

- نازانم چ بڵێم من که پەیوەندییم بەو یانەیه وەکرد له کاتی زێڕینی دابوو ساڵی ٢٠٠٦ پلـەی یەکەممان وەرگرت که ئەو کات زۆر یاریزانی به توانای هەبوو لەوانه رۆناڵدینهۆ و دیکۆ و سـامویل ئیتـۆ، زۆر زەحمەته جیاوازی له نێوان ئەم دوو پێکهاتەیه بکەم.

*** هەسـتت بەچیکرد که نازناوی باشترین یاریزانت وەرگرت؟**

- یەکەمجـار دەمەوێ زۆر سوپاسـی ئەو کەسانه بکەم که دەنگیان بەمندا و ئەمەش شانازییەکی گەورەیه بۆ من که بتوانم ئەم خەڵاته وەربگرم و ئەمه کارێکی دڵخۆشکەرە، زۆر سوپاسی برادەرانم له یانەی بەرشلۆنه دەکەم که هاوکارم بوون.

*** ئەمه سـێیەمین جارە پاڵێوراو بوویت بۆ ئەم نازنـاوە له جیهان و له دوا جار توانیت خەونەکەت بێته دی؟**

- هەست بەخۆشـییەکی رادەبەدەر دەکەم و رێزلێنانێکـی جوانـه و ئەمه گرنگییەکی یەکجـار زۆری بۆمـن هەیـه، چونکه یەکەمین ئەرژەنتینم ئەم نازناوە به دەست دەهێنم ئەمەش شەرفێکی گەورەیه بۆ من.

*** بەرای تۆ دوای میسی کێ شایستەی ئەم خەڵاته بوو؟**

- بـه بڕوای من ئـەو یاریزانانەی یانەی بەرشلۆنه که لێرە ئامادە بوون شایستەی ئەم خەڵاته بوون.

*** لەگەڵ بەرشـلۆنه گشت نازناوەکانت بردەوە و لەسـەر ئاسـتی تاکیش زۆربـەی زۆری نازناوەکانـت وەرگرت، چۆن سـاڵی ٢٠٠٩ هەڵدەسەنگێنیت؟**

- سـاڵێکی خۆش بوو ئەوەی دەمویسـت هاته دی و له هەمـوو رکابەرییەکان پلـەی یەکەممان وەرگرت و چەندین نازناو و پشم له سـەر ئاستی تاك وەرگـرت و ئەو هەموو دستکەوتانه بـه دەسـت نەدەهات گـەر هاوکاری و پاڵپشتی برادەران له یانەی بەرشـلۆنه نەبووایه، بۆیه دەڵێم هەموویان شایستەی ئەم نازناوەن.

*** بەراسـتی سـاڵێکی خۆش بوو، سـاڵێکی پر له خەون بوو؟**

- زیاتر له خەون دەچوو خەونێکـی خـۆش و پڕشنگدار بوو، ساڵێکی پر لـه بەختـەوەری بوو و هەمـوو شـتێکم بردەوە ئەمەش راستیه.

*** با باس له سـاڵی ٢٠١٠ بکەین لەم سـاڵه چ چاوەڕوان دەکەی؟**

- سـاڵێکی زۆر گرنـگ دەبێت لەبەر ئەوەی بەشداری له مۆندیال دەکەین و دەمەوێ ئەم نازناوەش له مێژووی وەرزشی خۆم تۆمار بکـەم و لـه لایەکـی دیکەوە دەبێ پارێزگاری لەو نازناوانەش بکەیـن کـه لـه وەرزی رابردوو لەگـەڵ بەرشـلۆنه به دەسـتمان هێناوە، سـاڵێکی ئاسان نابێت لەبەر ئەوەی که پێشـتر به دەستمان هێناوە له مێژوو کەس به دەسـتی نەهێناوە، ئێمـه بەرپرسـیارییەتیەکی زۆرمان له ئەسـتۆدایه بۆیه دەبێ هەوڵ بدەین ئەم دستکەوتانه دووبارە بکەینەوە.



# هۆكاری دیاردەی شەڕ و ئاژاوەگێڕی





یوسف عزەدین



سەلام حوسێن

**دیاردەی ئاژاوەگێڕی لە یاریگاكانی كوردستان بۆتە دیاردەیەكی بەرچاو بەتایبەتی لە یارییەكانی خولی نایابی یانەكانی عێراقی كەوا ڕێژەیەكی بەرچاو لە هاندەران ئامادەی بینیی یارییەكان دەبن، بەتایبەتی لە یاری نێوان یانەكانی شارەكانی كوردستان كە بۆتە دیاردەیەكی باو و ئەمە چەندین جارە ئەم دیاردە ناشارستانییە لە یاریگاكانی كوردستان دووبارە دەبێتەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم كارە لە زۆربەی یارییەكانی نێوان یانەكانی وڵاتانی ئەورووپا و ئەمەریكاو بگرە هەندێك جار لە نێوان هەڵبژاردەكانیش ڕوودەدات، بە تایبەتی لە چەند ڕۆژی ڕابردوو ئەم ئاژاوە و شەڕی هاندەرانە لە یاری نێوان یانەی هەولێر و زاخۆ لە دەست پێكی یارییەكانی خولی نایابی یانەكانی عێراق ڕوویدا، ئێمەش لە ڕاپۆرتێكمان تیشك دەخەینە سەر هۆكارەكانی دیاردەی شەڕو ئاژاوەی نێوان هاندەرانی یانەكانی كوردستان.**

**ڕاپۆرت :كارزان كانەبی**
Karzan_kanabi@ yahoo.com

**سەرەتا (یوسف عزەدین) ئەندامی دەستەی كارگێڕی یانەی هەولێر سەبارەت بەم دیاردەیە گوتی:** بەڕاستی هۆكاری ئەم دیاریدەیە بۆهاندەرانی یانەكان دەگەڕێتەوە، دەبێ بیان پاڵێوین یان، ژمارەی پاسەوانەكانی یاریگاش زیادبكەین بۆئەوەی چیتر لەیارییەكان ئاژاوەگێڕی ڕوونەدات، زۆرجار لە سەر شتێكی زۆر بچوك كێشەیەكی گەروە ڕوودەدات، ئەمەش وا دەكات كەوا ئێمەو هاندەرانیش تووشی شەرمەزاریی ببین، ئەو ڕووداوەی كەوا لە یاری نێوان هەولێر و زاخۆ ڕوویدا ئەوا هۆكارەكەی هاندەرانی زاخۆ بوون، بەڕاستی ڕاگەیاندن دەبێ ڕۆڵێكی گەورە ببینێت بۆ هێوركردنەوەی هاندەران و ڕێنماییان بكەن و هاندەرانیش بپاڵێوین،تۆپی پێ بردنەوە و دۆڕانە، من پێم سەیرە یانەی هەولێر دەباتەوە هاندەران هەر ڕازی نین لە هەموو یارییەك چوارگۆڵت هەبێت و نەبێت هەر بوتڵی ئاو فڕێدەدەنە نێو یاریگا، هاندەرانیش دەبێ شێوازی هاندانی خۆیان بگۆڕن لە یاریشمان بەرامبەر زاخۆ هەموو لایەك لەڕێگای تیڤییەكان بینیان كەوا كێ ئاژاوەی دروست كرد، لە بارەی هۆكاری تەنیا لە یاری نێوان یانەكانی كوردستان ڕوودەدات گوتی: خۆشم نازانم بەڵام هاندەرانی ئێمە هەروان هاندانیشمان هەر بە هەڵەیە .

**(سەلام حوسێن)سكرتێری یەكێتی تۆپی پێی كوردستان گوتی:** بەڕاستی ئێمە لەگەڵ ئەوەین كەوا یاریگاكانمان بە شێوازی شارستانی بێت، چونكە خەڵكی كوردستان بەتایبەتی خەڵكی شاری هەولێر بەوە بەناوبانگن كەوا ڕێزی میوان زۆر دەگرن. شارستانییانە مامەڵە دەكەن، خۆشەویستی وەرزش و تۆپی پێ لەلایەن گەورەیە داواكارین ئەم ڕەفتارە كەوا لە یاریگای شەهید فەرەنسۆ ڕوویدا جارێكی تر دووبارە نەبێتەوە، ئەگەر چی هۆكارەكەشی بۆهاندەرانی زاخۆ دەگەڕێتەوە ئەوانیش بەوە بەناوبانگن كەوا ڕێز لە میوان دەگرن، خۆتان دەزانن كەوا ئێستا جیهان بچوك بۆتەوە بۆتە گوندێكی بچوك لەهەموو جیهان ئەم ڕەفتارانە دەبینین ڕەنگدانەوەیەكی خراپی لەسەر كوردستان دەبێت ،لە بارەی

# له یاریگاكانی كوردستان



كەمبوونەوەی كێشەكان گوتی: پێویستە یانەكانی كوردستان لیژنەی تایبەتی هاندەران دروست بكەن، تاكو دەستەی كارگێڕی یانەكان لەگەڵ هاندەران رۆشنبیریان بكەن بایاساكانی خۆشەویستی تۆپی پێ بكەینە هۆكارێك كەوا هەموومان بەیەكەوە بەرپرسیارەتی هەڵبگرین، لەم دیاردانەش تەنیا یاریزانان و دەستەی كارگێڕی یانەكان بەرپرس نین، هیوادارم ئەم كارە بكرێت تا سیمینارو كاری باش بكەین بەیەكەو تێبگەین كەوا وەرزش تەنیا شەڕو ئاژاوە نیە، ئەگەر بێتەوە یادمان ئەو دیاردە لە وڵاتی ئینگلتەرا زۆر باوبوو بەڵام ئێستا هەموو سیاجەكانی یاریگاش هەڵگیراوە، وەرزش رووی گەشی شارستانی میللەتانە، لە بارەی هۆكاری ئەم شەڕانە تەنیا لە نێوان یانەكانی كوردستان گوتی :ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆبەدبەختی وەرزشی كوردستان و میللەتەكەمان.

**(سەلاح مەحمەدكەریم) ئەندامی مەكتەبی تەنفیزی لیژنەی ئۆلۆمپی كوردستان لە بارەی كێشەكانی ئەم دواییەی یاری نێوان زاخۆوهەولێر گوتی** "بەڕاستی من یەك دوو خاڵم هەیە لەسەر ئەم دیاردەیە یەكەم لە خولەكانی عێراقی هیچ سزایەكی گەورە نەبووە بۆسەر یانەكان و هاندەرانی ئەم یانانەی كەوا ئەم كێشانەیان تێدا روویداوە، شەڕی گەورە گەورە بووە لە شارەكانی كوردستان بە تایبەتی لە شارەكانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی و زاخۆ كەچی سزای گەورە نەبووە، ئەگەر بێتو یەكێتی تۆپی پێی عێراقی سزای ئەم یانانە و هاندەرانیان بدات بەگواستنەوەی یارییەكانیان بۆشارێكی تر بۆئەوەی نەتوانن چیتر ئەم كارە بكەن، ئێستا لە خولەكانی كوردستان تاڕادەیەك ئەم كارانە نییە چونكە یەكێتی تۆپی پێ كوردستان رێگە بەم كارانە نادات هەر كارێكی وا رووبدات سزایان دەدات، بۆ ناوبژیوان بێت یان یاریزان یان راهێنەرانی یانەكان یان هەر كەسێ بێت، لە بارەی هۆكاری ئەم دیاردەیە لە نێوان یانەكانی كوردستان گوتی "دەگەڕێتەوە بۆ رۆشبیرییەی هاندەرانمان وادەزانن كەوا یانەكانیان بەشەڕ سەركەوتن بەدەست دەهێنن و كارێكی باشە!! لە حەزارەتی تۆپی پێ دا ئەم دیاردە باوی نەماوە، خەڵك دێت بۆسەیركردنی یاری خۆش نەك بۆشەڕو ئاژاوە و بەرد باران بكرێت، داوا لەهەموو لایەك دەكەم كەوا بە شێوازی جوان هانی تیپەكانیان بدەن، لە بارەی بنبڕكردنی ئەم دیاردەیە گوتی "یەكێتی تۆپی پێ بتوانێ خولەكان بە رێكوپێكی ببات بەڕێوە، یانەكان و یەكێتی لقەكان بۆ ئەنجامدانی یارییەكان پێویستە پۆلیسی زیاد بهێننە یاریگا بۆئەوەی ئەم كێشانە روونەدات و سزای گەورە دابنێن بۆئەو هاندەرانەی كە ئاژاوە دروست دەكەن لە یاریگاكان، ناوبژیوانیش رۆڵێكی گرنگی هەیە ئەگەر ناوبژیوان باش بێت ئەوا هەموو لایەكی خولەكە بەباشی بەڕێوە دەچێت، لەكوردستان ناوبژیوانان زۆر لە ئاستی پێویستن، بەڵام خولی عێراقی هەموو ساڵێك كێشەی ناوبژیوانی هەیە، دەبێ یەكێتی تۆپی پێ چارەسەری ئەم كێشانە بكات وسزای گەورە دابنێت بۆئاژاوەگێران .



سەلاح مەحمەدكەریم

**(سەلاح عەلی) ئەندامی دەستەی كارگێڕی یانەی زاخۆ سەبارەت بەكێشەكانی ئەم دواییە پێی وابوو** "بەڕاستی دیاردەی شەڕو ئاژاوە دیاردەیەكی جوان نییە هیوادارم بنبڕ بكرێت بەڵام ئەم ئاژاوەیە كەوا لە یاری نێوان ئێمە و یانەی هەولێر روویدا دەتوانم بڵێم پۆلیسەكانی نێو یاریگا وایان كرد، كەوا رقی هاندەرانی یانەی زاخۆ هەڵبستێنن و غەدر لە هاندەرانی ئێمە بكەن و هاندەرێكمان بریندار بكرێت بە فیشەك، پێویست بوو پۆلیس ئارامی یاریگا بپارێزێت نەك هێرش بكەنە سەر هاندەرانی یانەی زاخۆ پشتی هاندەرانی یانەی هەولێر بگرن و پشتی هاندەرانی ئێمەش لە زەوی بدەن، لە بارەی هۆكاری ئەم دیاردانە لە نێوان یانەكانی كوردستان گوتی: زۆر بەداخەوە ئەم كێشە روودەدات، هیواداریشم هاندەرانی یانەكانی كوردستان زیاتر پشتی یانە كوردییەكان بگرن هیچ لایەك حەزی لە شەڕكردن نییە حەز دەكەین هاندەرانی زاخۆ هانی هەولێر بدەن و هاندەرانی هەولێر پشتی یانەی دهۆك بگرن هەموو وەكو یەك بن لە هاندان، با ململانێ هەبێت بەڵام بەشێوەیەكی شەریفانە بیت وكێشە نەمینێت لە نێوان یانەكانی كوردستان .



سەلاح عەلی

**(دڵشادخەلیل)هاندەر لە بارەی ئەم كێشانەوە گوتی:** بەڕاستی كەس لە هاندەرانی یانەكانی كوردستان حەزی لە ئاژاوەگێڕی نیە مەگەر بەدەگمەن ئەم دیاردەیە لە نێو هەندێك لە هاندەران هەبێت، خۆشی دیارە دیاردەی كێشەی نێوان یاریگاكان لە زۆر وڵاتانی ئەوروپا هەبووە، بەڵام ئێستا واخەریكە باوی نامینێت با لەكوردستانیش چیتر هاندەران لە دژی یانەكانی خۆیان شەڕ نەكەن بەڵام ئەم حەساسییەتە ماوەیەكی زۆرە هەیە لە نێوان یانەكانی كوردستان و چەندین جارە ئەم دیاردەیە دووبارە دەبێتەوە هیوادارم هاندەرانی یانەكان بەو پەڕی هەست كردن بە بەرپرسیارەتییەوە هەست بكەن كەوا بەجوانترین شێوە و ئارامترین شێواز هانی یانەكانیان بدەن و دووربن لە هەموو جۆرە توندوتیژیەك.



دڵشادخەلیل